

# لێکسیکۆلۆجی

مامۆستای بابەت: شاهین حمدامین
ئیمەیڵ: shein.ameen@su.edu.krd

# وشە

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ وشە کراوە.

کریستاڵ دەڵێت: وشە کەرەسەیەکە کە هەردوولای بە بۆشایی گیراوە.
لە شوێنێکی تر دەڵێت: وشە بچوکترین یەکەی زمانە، بتوانێت بەتەنها وەک ڕستە بەکار بێت.
لە شوێنێکی تر دەڵێت: وشە یەکەیەکە واتای هەبێت.

بلۆمفیلد دەڵێت: هەر فۆڕمێکی ئازاد کە فرێز نەبێت وشەیە، هەر وشەیەک فۆڕمێکی ئازادە، بە کورتی وشە بچوکترین شێوەی ئازادە.

# جۆرەکانی وشە

## جۆرەکانی وشە لە رووی واتاوە:

١- وشەی فەرهەنگی: ئەوجۆرەیان وشەی تەواویشی پێ دەگوترێت کە لە فەرهەنگدا خاوەنی فۆرم و واتایەکی سەربەخۆ بێت.
کەواتە ئەم جۆرە وشەیە واتایەکی تایبەتی هەیە و بەشێوەیەکی سەرەکی بەشداری لە دروستە و پێکهاتنی ئاخاوتندا دەکات.
ئەم جۆرە وشەیە زیاتر بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە. ( ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ژمارە)

٢- وشەی ئەرکی: ئەم جۆرەیان وشەی ناتەواویشی پێ دەگوترێت و واتای سەربەخۆیان نییە بەڵکو لە ناو ڕستەدا لە ڕێگای وشەکانی تری ڕستەوە واتاکەی دەردەکەوێت. ئەم جۆرەیان زیاتر بەشە ئاوخاوتنەکانی ( پریپۆزیشن، ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی بانگکردن، ئامرازی بەستنەوە ...... هتد ) دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە وشانە واتایەکی تایبەت بە خۆیان هەڵناگرن، بۆیە تەنها ڕۆڵی بە جێگەیاندنی ئەرک لە نێو بونیادی ڕستەدا دەبینن.

# جۆرەکانی وشە

جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە:

١- وشەی سادە: بەو وشانە دەگوترێت کە لە یەک وشەی سادە یان یەک مۆڕفیم پێکهاتوون و هیچ زیادەیەکیان پێوە نییە، کە دەڵێین زیادە مەبەستمان پێشگر و پاشگر یان هەردوکیانە، ئەگەر نا نیشانە ڕێزمانییەکان ئاساییە وەرگرێت.

کوڕ : وشەی سادە
کوڕەکە: وشەی سادە
کوڕەکان: وشەی سادە

لێرەدا (ەکە، ان ) مۆڕیم و نیشانەی ریزمانین، کاتێک دەچنە سەر وشەکان واتای وشەکان ناگۆڕن، بەڵکو تەنها حاڵەتی ریزمانی وشەکە دەگۆڕن، بۆیە وشەکە هەر بەسادەیی دەمێنێتەوە.

# جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە:

وشەی سادەش پێکدێت لە :
ناوی سادە: دار، بەرد، ڕزگار .....هتد
ئاوەڵناوی سادە: پاک، زیرەک، خراپ، باش......هتد
چاوگی سادە: مردن، سوتان، کەوتن، خەوتن .....هتد
کاری سادە: برد، ڕۆیشت، شکا .....هتد
ئاوەڵکاری سادە: سەر، ژێر، جوان، هێدی، هێمن ......هتد
ژمارەی سادە: یەک، دوو، پێنج، بیست، سی .....هتد

وشەی دارِژاو پێکدێت لە :
ناوی دارِژاو: هونەرمەند، کوشتار، پێشەوا، مەردایەتی......هتد
ئاوەڵناوی دارژاو: بێهۆش، شەرمن، بەختەوەر، خێڵەکی.....هتد
چاوگی دارِژاو: ڕۆچوون، تێکردن، بردنەوە، داخستن .....هتد
کاری دارِژاو: ڕاکرد، هەڵبڕی، داگرت، هەڵواسی ......هتد
ئاوەڵکاری دارِژاو: بەشەو، ڕۆژێ، مەردانە، بەجوانی، لەژێر ....هتد
ژمارەی دارِژاو: پەنجا، حەفتا، هەشتا ......هتد

# جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە:

وشەی لێکدراو پێکدێت لە :

ناوی لێکدراو: شاهەنگ، بەردەنوێژ، دارتاش، ڕەشەبا .....هتد

ئاوەڵناوی لێکدراو: گەردن بلوور، ڕووخۆش، ڕەش پۆش، ئاشتیخواز .....هتد

چاوگی لێکدراو: دەستکەوتن، شەڕکردن، خۆشکردن، لەهۆش چوون.....هتد

کاری لێکدراو: دەستکەوت، لە هۆش چوو، لە بیرکرد، نەخۆش کەوت ...هتد

ئاوەڵکاری لێکدراو: نیوەڕۆ، ئەمساڵ، پشتاوپشت، شاخەوشاخ .....هتد

ژمارەی لێکدراو: چواردە، سی و سێ، دووهەزار، بیست و حەوت ......هتد



# جۆرەکانی وشە لە ڕووی بەکارهێنانەوە

**وشەی چالاک :** ئەو وشانە دەگرێتەوە کە زۆر چالاکن و بە شێوەیەکی فراوان لە ڕووی نوسین و ئاخاوتن بەکار دەهێندرێن. وەک کاری ( کرد، بوو) یەکێکن لەو کارانەی کە لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەیەکی فراوان بەکار دەهێندرێت.

| کرد | بوو |
|---|---|
| هەڵکرد | ڕابوو |
| ڕاکرد | هەڵبوو |
| کردەوە | سواربوو |
| چاککرد | شین بوو |
| بارکرد | بەربوو |

## جۆرەکانی وشە لە ڕووی بەکارهێنانەوە

### وشەی سست ( لاواز)

بەو وشانە دەوترێت کە لە بەکارهێناندا زۆر سست و لاوازن و زۆریش بەکەمی بەکار دێن.

بۆ نمونە/ وشەی (ئەسرین) لە سەردەمانێک لەبری وشەی (فرمێسک) بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهات، بەڵام ئەمڕۆ زۆر بەکەمی و بە دەگمەن بەکاردەێت.

ئەم جۆرە وشانە کە لەسەردەمانێک زۆر چالاک بوونە و زۆر بەکار هاتوون و ئەمڕۆ سست و ناچالاک و بەکارهێنانیان دەگمەن بووە، بێگومان بەیانی ئەم جۆرە وشانە لەبەکارهێنانی دەگمەنیش دەوەستن و وشەکان دەبنە وشەی مردوو.



# جۆرەکانی وشە لە ڕووی هەبوونەوە

وشەی زیندوو: بەو وشانە دەگوترێت کە لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکار دەهێندرێن.

وشەی مردوو : بەو وشانە دەوترێت کە لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکار ناهێندرێن، بەڵکو تەنها لە فەرهەنگدا بوونیان هەیە و ئەمڕۆ لە بەکارهێناندا وەستاون و مردوون.